مونا قەهوەچی: یەکێتی داوای هەڵوەشاندنەوەی 11 کورسی پێکهاتەکانی نەکردوە

مونا قەهوەچی رایگەیاند، ئەو لایەنەی لەبارەی کورسی کێتاکانەوە لە دادگای فیدراڵی سکاڵا یکردبو، داوای هەڵوەشاندنەوەی کورسی کێتاکانی نەکردبو، بەڵکو داوای کردوە ئەو کورسیانە بەسەر پارێزگاکانی هەرێمدا دابەش بکرێن، بەڵام دادگای فیدراڵی بە نادەستوری ناساندنی، بەو شێوەیش دادگاکە پشتڵی ئەو یاسایەی لە دادگەریدا چەسپاوە کە بریتییە لەوەی " سکاڵا لە چوارچێوەی داواکارییەکانیدا سنوردارە ".

مونا قەهوەچی سکرتێری خولی پێشوەی پەرلەمانی کوردستان لە راگەیەنراوەکد باویکردەوە، نەهەشتنی کورسی کێتای پێکهاتەکان لە پەرلەمانی کوردستان، ناکەکە لەگەڵ ئەوەی لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عەراقی فیدراڵی و ئەنجومەنی پارێزگاکاندا هاتوە، هەروەها ناکەکە لەگەڵ ماددەکانی 49 و 125ی دەستور.

مونا قەهوەچی ئاماژەی بەوەشکردوە، ەپابەند نەبونی دادگەی فیدراڵی باڵا بە عەریزەی دەعوای داواکار، بەجەرەك داواکاری ژمارە (83)ی ئاماژەپێکراو، داوای هەڵوەشاندنەوەی یازدە کورسییەکەی (کورسییەکانی کێتا)ی نەکردوە، بەڵکو داوای دوبارە دابەشکردنەوەی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستانی

کردوە بەسەر پارەزگەکانی هەرەم بەگوێرەی پۆوەری ژمارەی دانیشتوان.

ئەوەشی خستوەتەو، بەڵام دادگای فیدراڵی بەیاریدا، بە نادەستوریی بونی دەستواژەی (یازدە) لە مادداەی یەکەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی هەموارکراو، ئەمەش لە سکاڵای داواکاردا داوا نەکرابو.

مونا قەهوەچی باسی لەوەشکردوە، بەم پەیەش ئەم بەیارەی دادگای فیدراڵی دەبەتە پەشەلکردنەکی ەونی ئەو بنەمایەی لە یاسا و لە دادگەرییدا چەسپاوە کە دەڵێت، سکاڵا لە چوارچێوەی داواکارییەکانیدا سنوردارە، و نابەت حوکم بکرەت بە زیاتر لەوەی داواکار داوای دەکات.